# راگەیاندراوی دویماهی سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان

**حزب و لایەنە سیاسیەکان..**

**دۆست و ئەندامانی حزبی رزگاری..**

بەخۆشحاڵیەوە پێتانڕادەگەیەنین سێهەمین کۆنگرەی حزبمان کە رۆژی 25ی مانگی دیسێمبەری 2009 لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی سیاسی بەبەشداری 92 ئەندام دەستی بە کارەکانی خۆی کردبوو، رۆژی 1-1-2010 لە هۆڵی چراخانی شاری هەولێر بەبەشداری 97 ئەندام درێژەی پێدراو هەمان رۆژیش کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆنگرە بەدرێژایی دوو رۆژی بەردەوام، گەلێک پرسی گرنگ و چارەنوسسازی سەبارەت بە باشووری نیشتمان و حزبی رزگاریی کوردستان تاوتوێ کرد، دوای گفتوگۆی چڕوپڕ بڕیارو راسپاردەی پێویست لەبارەیانەوە وەرگیران.

کۆنگرە داخباری خۆی سەبارەت بە نەهاتنی ئەو پێنج ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو دەربڕی کە بەشداریان لە کۆنگرەدا نەکردبوو، پێیوابوو ترس لە لێپرسینەوە لە لاساری و گەندەڵیەکانیان وایکرد کە ئامادەنەبن، بەوهۆیەشەوە هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد لە ریزەکانی حزبی رزگاری دەرکران.

کۆنگرە رایدەگەیەنێ، وێڕای ئەوەی کە چەندین جار بە نووسراوی فەرمی داوا لە پارێزگاری هەولێر کراوە تا نوێنەری پارێزگاو دادوەرێک بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بنێرێ، کەچی وەڵامیان نەداوەتەوە، لەو پێوەندەدا داخباری خۆی دەردەبڕێ کە سەرپەرشتی نەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی بە ناکۆکیەکانی ناوەخۆی حزب بەستۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تەواوی ناکۆکیەکان تەنیا لەنێو کۆنگرەدا یەکلایی دەبنەوە.

کۆنگرە لە روانگەی پەرۆشبوونی بۆ سەرخستن و بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی رەوای کوردستان جەخت لەسەر یەکهەڵوێستی کوردستانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافەکان و پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری وڵاتەکەمان دەکاتەوە.

کۆنگرە دوپاتی کردەوە، وێڕای ئەوەی کە خەباتی رزگاریخوازی کوردستان پێشوەچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا مەترسی و کەندوکۆسپی گەورەی هەمەجۆر لەسەر رێی گەیشتن بە ئامانجەکانی دادەنرێن، بۆیە بە ئەرکی هەموو رێکخراوێکی سیاسی دەزانێ کە لەپێناو گەشەپێدانی دیموکراسی و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێبکۆشێ.

کۆنگرە دەستکەوتەکانی باشووری وڵاتەکەمان بە دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستانیان دادەنێ، بەوهۆیەوە لێبڕاوانەو شێلگیرانە داکۆکی و پارێزگاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئەرکی لەپێشینەی حزبی رزگاریی کوردستان دەزانێ و بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان تێدەکۆشێ.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزو توانای کوردستانیان و رێکخراوە سیاسیەکانی لە دەوری گوتارێکی نەتەوەیی هاوبەش، کۆنگرە پێکهێنانی چەترێکی نیشتمانی بە گرنگ و پێویست دەبینێ، لەو روانگەیەوە بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نیشتمانی تێدەکۆشێ.

کۆنگرە رایدەگەیەنێ کە لە دەنگدانێکی ئازادو نهێنیدا هەڤاڵ **رێکار ئەحمەد** بۆ پۆستی سکرتێری گشتی، هەڤاڵان (**عومەر حەسەن**، **چالاک محەمەد**، **حەکیم عەلی**، **عومەر خدر**، **ئاری حوسێن**، **ڤیان رۆستەم**، **شوکریە هۆمەر**) بۆ کۆمیتەی ناوەندی و هەڤاڵان (**مامۆستا محەمەد دۆسکی** و **کارزان شێخ محەمەد**) بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندی دەنگی پێویستیان وەدەستهێنا.

کۆنگرە جەخت دەکاتەوە کە سەرجەم هەڤاڵان و ئۆرگانەکانی حزب بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆدایە، ئەرکیان پێسپێردراوە، پێویستە تێکڕای ئەندامان باسکی لێ هەڵبماڵن و شانی بدەنە بەر، تا بتوانرێ هەم دۆخی رێکخستن و رێکخراوەیی چالاک و کارا بکرێتەوە، هەم زەمینەیەکی لەباریش بۆ گەشەی داهاتوومان بڕەخسێنین و حزبی رزگاری لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و هاوێربوون دەرباز بکەین، چونکە لەو رێیەوە سەربەخۆخوازان بە ئاواتەکانیان دەگەن، سەنگەری رزگاریش لە پیلان و مەترسیەکانی ئێستاو داهاتوو پارێزراو دەبێ.

لەیەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە کاتژمێر 10ی رۆژی 2-1-2010 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەریەکە لە هەڤاڵان (عومەر حەسەن، حەکیم عەلی و چالاک محەمەد) بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

کۆنگرە، هاتنی ساڵی 2010 زایینی لە ئەندام و دۆستانی رزگاری و سەرجەم کوردستانیان پیرۆز دەکات، دەخوازێ کە بۆ کوردستانیان پڕبەرهەم و دەستکەوتی گەورە بێ، ساڵی گەرەنتیکردنی مافەکان و بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکان بێ.

**-بەرەو تێکۆشان بۆ گەیشتن بە نیشتمانێکی سەربەخۆ، کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو جیهانێکی باش.**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2010-1-2

# روونکردنەوەیەک لە حزبی رزگاریی کوردستانەوە

**حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان..**

**ئەندام و دۆستانی حزبی رزگاری..**

لاتان شاراوەنیە کە رۆژی 25-12-2009 سێهەمین کۆنگرەی حزبمان لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بە بەشداری 92 نوێنەر دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، بەڵام پێنج ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو وێڕای ئەوەی کە خۆیان لەسەر **کات و شوێنی کۆنگرە ئیمزایان** کردبوو، کەچی نەهاتن و بەشداریان تێدانەکرد، بۆیە ئەندامانی کۆنگرە بە باشیان زانی داوای بەشداریکردنیان لێبکەن و دوو رۆژ مۆڵەتیان بدەنێ، ئەو هەڤاڵانە لەجیاتی وەڵامی داواکەی ئەندامانی کۆنگرە بدەنەوە، کەچی بەیانێکی چاوەڕواننەکراویان دەرکردوە، دواتر پەنایان بۆ کاک زەید مەحمود عەلی بردوە کە ماوەی 15 ساڵە لە حزبی رزگاری دابڕاوە، رۆژی 28-12-2009 بەیانێکیان بڵاوکردۆتەوە کە گوایە باڵی مەکتەبی سیاسی سلێمانی و هەولێری حزبی رزگاری یەکیان گرتۆتەوە، **لەو پێوەندەدا** بە پێویستی دەزانین روونی بکەینەوە کە ئەو بەیانە دوورو نزیک پەیوەندی بە حزبی رزگاریی کوردستانەوە نیە، بەڵکو درێژەدانە بەو گرفتانەی کە لە رابردوودا لە سەر رێی کاروانی تێکۆشانی رزگاری داندراون.

ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا روونی دەکەینەوە، ئەو هەڤاڵانەی پێشوومان (هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد) کە بەیانیان لەگەڵ زەید مەحمود دەکردوە رۆژێک لە رۆژان بەیەکەوە کاریان نەکردوەو یەکتریشیان نەناسیوە و پشکیان لە دامەزراندن و راگەیاندنی حزبی رزگاریدا نەبووە، بەیانەکە پەلەقاژەی خۆ دەربازکردنە لەراستیەکانی پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەی حزب وبۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵیەکانی رابردوویانە. بەوهۆیەوە ئەو بەیانە لەلای ئێمە هیچ گرنگیەکی نیە و رەتیشی دەکەینەوە. پەیمان نوێ دەکەینەوە کە وێڕای کۆسپ و گرفتەکان بێ پسانەوە، لێبڕاوانەو شێلگیرانە درێژە بە کاروانی تێکۆشانی حزبی رزگاریی کوردستان دەدەین و سێهەمین کۆنگرەش لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێ.

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2009-12-30

# چەند وشەیێک لە مێژوی رزگاریدا

حزبی رزگاریی کوردستان لە لایەن دەستەیەک تێکۆشەری دێرینەوە کە بەشداری بەرچاویان لە شۆرشی چەکداریدا هەبووە، لە رۆژی 15-8-1993 دا راگەیاندراوە و یەکەمین راگەیاندراوی خۆی بڵاو کردۆتەوە.

حزبی رزگاریی کوردستان وەک حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخواز، خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێداوەو هەوڵیداوە کە لە ژێر رۆشنایی فەلسەفەی سۆسیالیزم و یەکسانیخوازدا هەنگاو هەڵبگرێتەوە، هاوکات پەیڕەوی لە دیموکراسی و سۆسیالیزم دا بکات.

حزبی رزگاریی کوردستان هەر لەسەرەتاوە هەوڵیدا بۆچوون و رامانەکانی خۆی بەجەماوەر بگەیەنێ، بەوهۆیەوە لەیەکەمی رۆژدا رادیۆی دەنگی رزگاری لە شاری هەولێر دامەزراند کە رۆژانە بۆ ماوەی 12 کاتژمێر بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد، دواتر لە رۆژی 17ی تشرینی یەکەمی 1993 یەکەمین ژمارەی نۆبەرەی رۆژنامەی **رێگەی رزگاری** چاپ و بڵاوکردەوە. دواتریش گۆڤاری **پێشەنگ**ی چاپ و بڵاوکردەوە کە گۆڤارێکی مانگانە بوو.

لە سەرەتای ساڵی 1994، گروپی پێشڕەوانی سۆسیالیست و دواتریش بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی هاتن بۆ ناو ریزەکانی رزگاری، بەڵام بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی شەڕی نێوەخۆی قۆزتەوە، هەر لە ساڵی 1994و دوای چەند مانگ لە هاتنی، رۆیشت و بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی حزبی رزگاریی کوردستانەو بەس، ئەو سیناریۆیە چەندین ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام نەیتوانی کەس لەخۆی کۆبکاتەوە، هەروەها لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەیوەندیان لەگەڵدا نەکرد.

حزبی رزگاریی کوردستان لە رۆژانی 15 تا 18ی تشرینی دووەمی 1995 یەکەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداری 89 نوێنەر لە شاری هەولیر پێکهێنا، بەمەش جەختی لەسەر درێژەدان بە تێکۆشان کردەوەو پێداگری لەسەر بۆچوون و رامانەکانی خۆی کرد.

حزبی رزگاریی کوردستان بەشداری لە شەڕی نێوەخۆدا نەکرد، بەهۆیەشەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی بەدوای بەرژەوەندی خۆی کەوت و لە حزب هەڵگەڕایەوە، بەڵام حزبی رزگاریی کوردستان درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داو خۆی لە شەڕی نێوە پاراست دیسانەوە بۆ گەیاندنی بۆچوون و رامان و هەڵوێستەکانی خۆی لە رۆژی 1-7-2000دا ژمارە نۆبەرەی لە هەفتەنامەی رۆژی گەل دا بڵاوکردەوە کە تا ئێستا 234 ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دواتر لە رۆژانی 14و 15ی تشرینی یەکەمی 2004 بەبەشداری 50 نوێنەر دووەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری سلێمانی پێکهێنا،

رۆژی 28-6-2008 هۆشیار عەبدولڕەحمان کە لە کۆنگرەی دووەم دا بە 27 دەنگ و فەهمی محەمەد بە 24 دەنگ ببوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حزب هەڵگەڕانەوەو ویستیان کۆدێتا بکەن، بەڵام دوای 11 مانگ جارێکی دەیکە گەڕانەوەو داوای بوردنیان کردو پەشیمانی خۆیان دەربڕی. بەوهۆیەوە هەوڵدرا بۆ رێکخستنەوە و پاککردنەوەی نێو ماڵی رزگاری سێهەمین کۆنگرە پێکبێ.

رۆژی 22-11-2009 لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بڕیاردرا کە رۆژی 18-12-2009 سێهەمین کۆنگرە لە شاری هەولێر بە بەشداری 100 نوێنەر بەڕیوەبچێ، ئەو دوو هەڤاڵە خۆیان ئیمزایان لەسەر کرد و بڕیارياندا کە هەموو پێکەوە بەشداری لە سێهەمین کۆنگرەدا بکەن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پەیمانی ئاکار ئیمزا کرا تا جارێکی دیکە کەس لە حزب هەڵنەگەڕێتەوە، ئەگەر کەسێک کێشەو گرفتی هەبوو با خۆی بەتەنیا بڕوات و کێشە بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دروست نەکات، کەچی ئەو دوو کەسە پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە زەمانەتیان بدرێتێ تا ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەشدا باس لە هاوێربوون و شوێنبزرکردنی دارایی حزب نەکرێ، هەروەها بەر لە پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرە کەوتە برویبیانۆ، داوایان دەکرد کە نوێنەرانی کۆنگرە بە دەستنیشان کردن بێن و پێویست بە هەڵبژاردن ناکات، کاتێک زانیان ئەوانە سەر ناگرن، خۆیان لە کۆنگرە دزیەوە، بەوەشەوە نەوەستان جارێکی دیکە کەوتنەوە دژایەتی حزبی رزگاریی کوردستان بۆیە لە دووەمین رۆژی سێهەمین کۆنگرە کە لە رۆژی 1-1-2010 بەبەشداری 97 نوێنەر بەڕێوەچوو، بڕیاری دەرکردنی هەریەکە لە هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد درا، ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی رزگاریدا کە بڕیارێکی لەو بابەتە بدرێ.

**سەرکار محەمەد**

# نامەیەک بۆ پارێزگاری هەولێر

**بەڕێز پارێزگاری هەولێر**

**سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون!**

بەناوی سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان کە رۆژی 25-12-2009 دەستی بەکارەکانی خۆی کردوە، داواتان لێدەکەین کە نوێنەرتان و دادوەرێک بێن بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەکردایەتی، چونکە کۆنگرەی حزبەکان لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوەخۆی حزبەکان دەبەسترێن، هاتنی نوێنەری بەڕێزتان و دادوەر بۆ سەلماندنی پاکی هەڵبژاردنەکەیە.

داواکردن بۆ تەواوەکردنی سێهەمین کۆنگرە، نارەوایە و پشت بە هیچ بەندێکی یاسایی نابەستێ، چونکە ئێمە خۆمان داوامان کردوە کە ئەو پێنج هەڤاڵەی سەرکردایەتی پێشوو بێن و بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، کەچی ئەوان خۆیان نایەن و لەبەردەم ئێوەشدا دووپاتیان کردۆتەوە.

لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە رۆژی 22-11-2009 بڕیار لەسەر پێکهێنان و میکانیزمی کۆنگرە دراوەو خۆیان ئیمزایان کردوە، لەژێر رۆشنایی بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، مەکتەبی سیاسی رۆژی 3-12-2009 بە نووسراوی فەرمی داوای لە لایەنە دۆست و هاوپەیمانەکان کرد تا لە پەیامێکدا راو سەرنجی خۆیان بنێرن و تا رۆژی 17-12-2009 بە دەست حزب بگات. هەر ئەو رۆژەش بە نووسراوی فەرمی داوا لە بەڕێزتان کراوە، ئێوەی بەڕێز و چەند لایەنێکی دیکەش لە 8-12-2009 پەیامی پیرۆزباییان بۆ ناردووین، کە سوپاسی ئێوەو ئەوانیش دەکەین.

لەلایەکی دیکەوە لەسەر داوای ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سێهەمین کۆنگرە دواخراوە بۆ 25-12-2009، هەروەها رۆژی 23-12-2009 بە ناوبژیوانی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کراوەو خۆیان گوتویانە ئێوە کۆنگرە ببەستن و ئێمەش پیرۆزباییتان لێدەکەین، بەڵام دیسانیشەوە ئێمە لە یەکەمین رۆژی کۆنگرەدا بە ئیمزای 92 ئەندامی کۆنگرە داوامان لێکردون بێن و بەشداری کۆنگرە بکەن، بۆیە گرێدانی تەواوکردنی کۆنگرە بە هاتنی ئەوان بە نارەوا دەزانین و دەکەوێتە خانەی دەستییوەردان.

لەلایەکی دیکەوە بۆ دەبێ تەواوکردنی سێهەمین کۆنگرە بە بەشداریکردنی کاک زەید مەحمود عەلی ببەسترێتەوە کە ساڵی 1994 هاتۆتە نێو رزگاری و هەمان ساڵیش ریزەکانی رزگاری جێهێشتوە، دوای رۆیشتنی ئەو، حزبی رزگاری دوو کۆنگرەی بەستوە، لەهەردوو کۆنگرەکە داوای بەشداریکردنی لێکراوەو نەهاتووە، ئێستاش دوورو نزیک پەیوەندی بە سێهەمین کۆنگرەوە نیە، بۆیە مەرجدانان بۆ بەشداریکردنی ئەو نەک هەرنارەوایە بەڵکو خۆیشی ئەو داوایەی نیە. ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوەخۆی حزبی رزگاریی کوردستان پێکهاتوە، ئەوانەی کە داوایان لێکراوەو بەشداری ناکەن خۆیان تێیدا بەرپرسیارن، کۆنگرەی حزبەکانیش لەسەر ئەو کەسانە ناوەستن کە خۆیان نایانەوێ بەشداری تێدا بکەن.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش داواتان لێدەکەین کە نوێنەرتان و دادوەرێک دەستنیشان بکرێن بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی.

لەگەڵ رێزماندا

**سێهەمین کۆنگرەی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2009-12-29

**هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامەیەدا ئەو بەڵگەنامانە رەوانەکراون:**

1/ کۆنوسی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی رۆژی 22-11-2009 کە بڕیار لەسەر پێکهێنانی کۆنگرە دراوە، کات و شوێنی کۆنگرە،میکانیزمی کۆنگرەو شێوەی پێکهێنانی دیاریکراوە.

2/ نامەی ئەندامانی کۆنگرە کە داوا لە پێنج ئەندامەکەی سەرکردایەتی پێشوو کراوە تا بێن و بەشدای لە کۆنگرەدا بکەن.

3/ بەشێک لە راپۆرتی سیاسی کە بە روونی ئەو کێشەیەی هەر لەسەرەتا تا ئێستای بە وردی روونکراوەتەوە.